# ئایا شیعر لە پاشەکشەدایە؟

**حسەین لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

وەڵامی ئەم پرسیارە تاڕادەیەکی باش پێگەی شیعر لە دنیای نوێدا دیاری دەکات، لە دنیایەکدا کە مەرگی زۆربەی شتەکانی تێدا ڕاگەیەنراوە، لە مەرگی خوداوەند بۆ مەرگی فەلسەفە و بۆ مەرگی نووسەر، کارێکی قورسە لەناو ئەو هەموو مەرگە ڕاگەیەنراوەدا تۆ بێیت و بەرگری لە ژیان و مانەوەی شیعر بکەیت، چونکە دنیای نوێ، بەجۆرێک لە جۆرەکان دنیای ژمارە و دنیای سوودە ئابوورییەکانە، دنیای سەرخستنی بەهای ژمارەکانە بەسەر بەها ڕوحی و دەروونی و ئەخلاقییەکاندا، بەرگریکردن لە شیعر لێرەدا بەرگریکردنە لە بەها نامادديیەکان.

سێ خاڵ کاریگەری گرنگیان لەسەر پێگەی شیعر لە دنیای نوێدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١- خوێنەر.

٢- سیاسەت.

٣- تەکنۆلۆجیا.

هەریەک لەم خاڵانە کاریگەری گرنگ و لە ڕادەبەدەریان هەیە، یەک یەک لە سەریان دەوەستین.هەندێک پێیان وایە ئەوەی لە پاشەکشەدایە، شیعر نییە، بەڵکو خوێنەری شیعرە، پاشەکەشەکردنی تایپێک لە خوێنەرە، ئەو تایپە لە خوێنەر کە ژمارەیان لە ڕادەبەدەرە، پێکەوە زەوقێکی نزم و سادەیان هەیە، تێگەیشتنیان بۆ شیعر ڕەگی لە ڕابوردوودایە، ڕابوردوو بەو مانایە نا کە شیعری بەرز و باڵای تێدا نەبووە، بەڵکو بەو مانایە کە زیاتر شیعر لە جەوهەر و سروشتی خۆی دوور خراوەتەوە، بە مانا و ئەرکی ئایینی و سیاسی بارکراوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر چێژی خوێنەر دروست کردووە، بەڵکو بارکردنی شیعر بەو مانایانە ڕۆڵی هەبووە لە



**شێرکۆ بێکەس**

بەرهەمهێنانی خوێنەرێکدا کە توانایی چێژ بینینی لە شیعر ئێجگار سنوورداربێت، خوێنەرێک کە لە حوجرەکاندا تەنیا دەقی تەعلیمی لە قسەی کێش و سەرواداد فێرکراوە، ناتوانێت چێژ لە شیعری گۆران ببینێت کە بە کێشی خۆماڵی شیعری نووسیوە، خوێنەرێک بە وەسفی فۆتۆگرافیانەی گۆران ڕاهاتووە و ناتوانێت چێژ لە پەخشانە شیعر و شیعری پەخشانی شێرکۆ بێکەس وەربگرێت، خوێنەرێک بە داستانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس ڕاهاتبێت، ناتوانێت چێژ لە شیعری هایکۆ ببینێت، کێشەکە ئەوەندە لە چێژی خوێنەردایە، لە شیعر خۆیدا نییە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین: خوێنەر یەک چاوەڕوانی لە هەموو شاعیرەکان هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی هەموو شاعیرەکان بە زەوق و سەلیقە و تێگەیشتنی خوێنەر دەقەکانیان بنووسن! خوێنەر لە ڕابوردوودا بەدوای ڕوونی و ڕەوانیدا گەڕاوە و ئێستاش بەدوای هەمان ڕوونی و ڕەوانیدا دەگەڕێت، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە خوێنەر لە دنیای نوێدا ناتوانێت بە ئاسانی لە شیعری نوێ تێبگات و ڕەتی دەکاتەوە، ڕەتکردنەوەکەیش لە ژێر تایتڵی شیعارانەدایە، هیچ بیانوویەکی ئەدەبی قەناعەت پێهێنەری بەدەستەوە نییە، لە کاتێکدا شیعری نوێ چەندە وتنە، ئەوەندەش نەوتنە، وتن لە شیعری نوێدا وتنێکە بە پەنهانی، زمان لە شیعری نوێدا چەندە توانایی بەیانکردنی هەیە، ئەوەندەش توانایی شاردنەوەی هەیە، لە شیعری نوێدا خوێنەر دەبێت ڕۆڵی پشکنەر ببینێت، کۆدەکانی دەق بکاتەوە، نەوتراوەکان بدۆزێتەوە، وەک عەباس بەیزوون دەڵێت: (وتراو لە شیعردا ترۆپکی شاخە سەهۆڵینەکەیە)(١). بەشێکی زۆری نەبینراوە، ئەوەی کە دەبینرێت بەشێکی ئێجگار کەمە، ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە شیعری نوێ کار لەسەر نیشانە و چڕی و ئاماژە دەکات، ئەمە لای خەزعەل ماجدی بە تەمومژ ناو دەبرێت (تەمومژ خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری نوێ)(٢).

بوونی تەمومژ لە شیعردا وادەکات ئەگەر شیعر لە ڕابوردوودا وەک هەر بوارێکی تر جەماوەری بووبێت، ئەوە ئێستا و لە ئاییندەدا بوارێکی نوخبەوی بێت، ئەمەش بە پلەی یەکەم بەقازانجی خودی شیعر تەواو دەبێت، چونکە ڕزگارکردنی شیعرە لە دەستی زەوقی گشتی بەرەو زەوقی تایبەت. مەبەست لە زەوقی گشتی ئەوەیە خوێنەر لە ڕابوردوودا پێشوازییان لە شیعری حەماسی و لیریک و پێداهەڵدان کردووە، زۆربەی شاعیرەکان لە ناو کەڵچەرە جیاوازەکاندا لەو جۆرە شیعرانەیان نووسیوە، چونکە لەلایەن زەوقی گشتییەوە پێشوازی لێ کراوە، ڕوونی و ڕەوانییەکەی ڤیزای چوونە ناو خوێنەر بووە، ئێستا شاعیرانی ستایشنووس و لیریک نووس کەمبوونەتەوە، هەر بۆیەش خوێنەرانی سەر بەتایپی زەوقی گشتی لە شیعر تۆراون، ئەمە گۆڕانێکە چۆنایەتی و هۆشمەندانەیە لە شیعردا ڕووی داوە، ئەگەر شیعر لە ڕابوردوودا وەک هونەرێکی زمانی سەر بە دەنگ و هاتوهاوار بووبێت، ئەوە ئێستا هونەرێکی سەر بەبێ دەنگییە، چونکە خوێنەرێکی دەوێت بیرکەرەوە و ئەندێشەمەند بێت (شیعر وەک هونەرێکی بێ دەنگ بۆ شوێنی سەرەکی و بنەڕەتی خۆی ئەگەڕێتەوە، ڕەنگە ئەمە لە بەرژەوەندی شیعر خۆیدا بێت، داواکردنی کاریگەر نەبوون لە شیعر وادەکات نەکەوێتە ژێر مەرجی دەرەکی و سەربەستییەکی گەورەی هەبێت)(٣)، هەموو ڕزگاربوونێکی شیعر لە مەرجی دەرەکی و داواکاری پێش وەخت گەڕانەوەی شیعرە بۆ سروشت و جەوهەری خۆی، بەشێکی زۆری تێنەگەیشتنی خوێنەر لە شیعری نوێ

پێوەندی بەو تەمومژەوە هەیە کە ڕووبەری دەقە شیعرییەکانی داگیر کردووە و دەستبەرداریشی نابێت، کێشەکە لەوەدا نییە تەمومژ بۆ بەلاڕێدا بردنی چاوی سانسۆر بێت، کە لە وڵاتە نادیموکراتەکان و جیهانی سێیەمدا پەیڕەوییان لێ دەکرێت، یان بۆ شاردنەوەی کێماسییەک بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە داپۆشینی ڕووبەری دەقی شیعری بە تەمومژ جۆرێک لەبیرکردنەوەی تیوری لە پشتەوەیە، بوونی تەمومژ ڕەنگدانەوەی دۆخی دەروونی شاعیر نییە، هێندەی ئەوەی شاعیرانی نوێخواز بە بەرنامەوە کاری لەسەر دەکەن، هەر دەقێک خوێنەری ناچاری بیرکردنەوە نەکرد بە ناو پێچ و پەنهانییەکانی زماندا بگەڕێت، ئەوە تەنیا وەزیفەیەکی پێوەندی (کۆمینیکەیشن)انەی هەبووە، داواکردنی ڕوونی و ئاسان تێگەیشتن لە شیعر، هێنانە خوارەوەی شیعرە لە بەرزاییەکانی ماناوە بۆ تەختاییەکانی سادەگۆیی، ناکرێت شیعر ئەوەندە سادە بکرێتەوە هەمووان توانایی تێگەیشتنیان هەبێت، بەڵکو پێویستە (وەرگر لە ئاستی هونەری مەزندا بێت، خۆی ماندوو بکات، زەوقی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچە بەرزەکانی شیعر ئامادە بکات)(٤). وەک چۆن فەلسەفە شیاوی گشتی کردنەوە نییە، هەموو کەس دەستی بە فەلسەفە ناگات، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت بە کێوی زانستی فەلسەفەدا هەڵدەزنێن، بەهەمان شێوە شیعریش شیاوی گشتی کردنەوە نییە.ئەوەی کە وای کردووە کێڵگەی فەلسەفە هەتا ئەمڕۆ بەپیتی بمێنێتەوە ئەو بەرگریکردنە بووە کە لە خۆی کردووە، بەرگری لە خۆکردنەکەیشی ئەوە بووە فەلسەفە هەمیشە لەناو ئەکادیمیادا وتراوەتەوە، ئەوەی پێویستی بەتێگەیشتن لە فەلسەفە هەبووبێت، ڕووی کردووەتە ناو ئەکادیمیاکان، ئەکادیمیستەکان نەڕۆشتوونەتە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکانەوە فەلسەفاندن بکەن، جگە لەوەی کە شوێنی فەلسەفە ناو ئەکادیمیاکانە، کەرەستەکانی فەلسەفە بەرهەمهێنان و فەلسەفاندن، ڕێگا لە گشتی بوونەوەی بابەتە فەلسەفییەکان دەگرن، فەلسەفەکار بە چەمک دەکات و چەمکیش لەناو خۆیدا چەند یەکەیەکی جیاوازە کە تێکڕا ڕێگرن لە سادەبوونەوەی فەلسەفە، هەر بۆیەش کاتێک فەیلەسووفێک دەربڕینێکی وەک (دادپەروەری) بەکاردەهێنێت، جیاوازە لە هەمان دەربڕین کە سیاسییەک، یان چالاکێکی ناو ڕووبەری گشتی بەکاری دەهێنێت، یەکەمیان قووڵایی فیکری و زمان و ئەندێشەی تێدایە، دووەمیان حەماسی و بازاڕی و سادەگۆییە. هەر ئەوانەی کە لە هەوڵی بە گشتی کردنەوەی شیعردان لە هەوڵی بەگشتی کردنەوەی فەلسەفەشدان، دەیانەوێت فەلسەفەیان بە زمانی ئاسان پێشکەش بکرێت، ئەمەش هێنانە خوارەوەی فەلسەفەیە لە لووتکەی بیکردنەوە و تێڕامانەوە بۆ قەرەباڵغی بازاڕ، فەلسەفەش بەردەوام خۆی لەوە پاراستووە. بە هەمان شێوە خوێنەر داوای ڕەواندنەوەی تەمومژ لە شیعر دەکات، ئەمەش هێنانە خوارەوەی شیعرە لە بەرزاییەکانی ماناوە، خاڵیکردنەوەیەتی لە وێنە. سادەبوونەوە هەڕەشەیەکە بەردەوام نەک لە شیعر، بەڵکو لە فەلسەفەش دەکرێت، واتە ئەوە بە تەنیا شیعر نییە لە جەنگی دژ بەسادەبوونەوەدایە، بەڵکو فەلسەفەش لە هەمان جەنگدایە، بەڵام فەلسەفە بە کەرەستەکانی چەمکسازی و پێناسە و بەدەزگایی کردنەوە ئەو جەنگە دەکات، شیعریش لە ڕێگای وێنە و تەمومژ و چڕکردنەوەی زمانەکەیەوە جەنگەکەی خۆی دەکات. ئەو خوێنەرانەی ئەم داواکارییەیان هەیە، خوێنەرێکی (مستهلک- بەکاربەرن) نەک بەرهەمهێن، خوێنەرێکن شاشەیین، شاشەیی بە واتای ئەوەی تەنیا چاویان کاردەکات، وێنەی ئامادەیان دەوێت، نەک خۆیان لە ڕێگای بیرکردنەوە و ئەندێشەوە وێنا بکەن.

شیعری نوێ لە ڕێگای تەمومژەوە، لە ڕێگای بە پەنهانی وتنی شتەکانەوە، دەیەوێت ڕێگری لە گشتی بوونەوەی خۆی بکات، وەک چۆن فەلسەفە بە زمانی ئاسان ناوترێتەوە، شیعریش بە زمانی سادە و ڕوون نانووسرێت (ئەگەر شیعر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێداویستییەکانی وەرگری بەجێ هێنا، ئەو کاتە بۆ هونەرێکی ئیستهلاکی وەک گۆرانی خێرا و زنجیرە و فیلمی دڵخۆشکەر دەگۆڕێت)(٥). ئەوانەی دەڵێن شیعر لە پاشەکشەدایە لە ڕووی مەعریفەی ئەدەبییەوە لە بینەری زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان دەچن، چونکە هەموو شتەکانیان بە بەرجەستەکراوی دەخرێتە بەردەست، ئەو شیعرانەی کە هەڵگری تەمومژن، هەڵگری ڕەسەنایەتین، ڕەسەنایەتی بەو مانایە نەک نایەوێت بێتە دنیای نوێوە، بەڵکو دەیەوێت بە تایبەتمەندی خۆیەوە لە دنیایی نوێدا بژێت، نەبێت بە ئامراز بە دەست سیاسەتەوە، وەک لە

ولآتانی جیهانی سێیەمدا هەریەک لە ئۆپۆزسیۆن و دەسەلآتیش لەپێناوی ئامانجەکانی خۆیاندا، برەو بە هونەری بازاڕی دەدەن، بە دەسەلآت و ئۆپۆزسیۆنەوە شیعر و هونەر لە مانا ڕاستەقینەکانی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە. ناشیەوێت ببێت بە ژمارە بەدەستی تەکنۆلۆجیاوە، شیعر نایەوێت سادە ببێتەوە بۆ خوێنەر، هەر بۆیە شیعری نوێ لە دنیای تەکنۆلۆجیا و سەرمایەداری و ولآتانی نادیموکراتیشدا غەریبە، شیعری ڕەسەن هاوشێوەی فەلسەفە پێویستی بە ڕوحێکی ئەرستۆکراتە لێی تێبگات، ئەرستۆکرات مەبەست لە ڕەهەندی ئابووری و کۆمەلآیەتی نییە، بەڵکو مەبەست لە ڕوحێکە توانایی هەڵکشانی بە بەرزاییەکانی مانا و وێنەدا هەبێت، ئەو خوێنەرەی شیعر پاشەکشەی کردووە (وەک کەسێکە تووشی نەخۆشی ڕەنگ بووبێت، بوونی ڕەنگەکان ڕەت دەکاتەوە)(٦). تێنەگەیشتن لە شیعر هۆکارێکە بۆ ڕەتکردنەوەی شیعر، وەک چۆن تێنگەیشتن لە هونەری ئەبستراکت بیانوویەکە بۆ ئەوانەی لە هونەرەکە تێناگەن و پێیان وایە تەنیا ڕەنگە و ڕژێنراوەتە سەر قوماش. کارڵ مارکس لە بارەی تێگەیشتن لە هونەرەوە ئاماژە بۆ ئامادەبوونی خودیانەی وەرگر دەکات (بۆ ئەوەی چێژ لە هونەر وەربگریت، پێویستە ڕۆشنبیرییەکی هونەریت هەبێت)(٧). ئەو وتەیەی کارڵ مارکس دەشێت بەرگریکردنێکی باش بێت لە هەر کایەیەکی تری ئەدەبی و هونەری، خوێنەرێک بەبێ هیچ پاشخانێکی شیعرییەوە بەر تێکستێکی شیعری دەکەوێت، بێ گومان ڕەتی دەکاتەوە، چونکە لێی تێناگات، تێنگەیشتنی ئێمە لە قەسیدەیەک، یان لە ئەزموونی شاعیرێک پێوەر نییە بۆ پاشەکشەکردنی شیعر، بەڵکو ئەوە ئێمەین ناتوانین لەو جیهانە تێبگەین کە دەقەکە بەرهەمی هێناوە.

ئەگەر زەوقی گشتی و تێگەیشتنی گشتی پێوەر بێت بۆ پاشەکشەکردنی شیعر، ئەوە دەبێت نەک هەر شیعر، بەڵکو جاری پاشەکشەکردنی زانست و فەلسەفەش بدرێت، چونکە خۆ تێگەیشتنی گشتی لە فیزیا و فەلسەفەش تێناگات، ئەوە پاشەکشەی شیعر نییە کە دەیبینین، بەڵکو ئەوە شیعرە لە دنیای نوێدا خوێنەرە ڕاستەقینەکانی خۆی دەدۆزێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- عەباس بەیزوون، وەرگێڕانە: عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، هەر تەنیا مانگ نییە لەژێر درەختا بیر ئەکاتەوە، چ١، غەزەلنووس، ساڵ ٢٠١٥، ل١٨.**

**٢- عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، عەقڵی شیعری، خەزعەل ماجدی، چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵ ٢٠٠٧، ل١٠٢.**

**٣- عەباس بەیزوون، وەرگێڕانە: عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، هەر تەنیا مانگ نییە لەژێر درەختا بیر ئەکاتەوە، چ١، غەزەلنووس، ساڵ ٢٠١٥، ل٢٢.**

**٤- عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، عەقڵی شیعری، خەزعەل ماجدی، چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵ ٢٠٠٧، ل١٠٢.**

**٥- هـ. س. ل١٠٣.**

**٦- لۆرانس پیرین، وەرگێرانی لە فارسییەوە: ئەبو بەکر خۆشناو، چاپخانەی پیرەمێرد، ساڵ ٢٠٠٨، ل١٦.**

**٧- صقر أبو فخر، حوار مع أدونيس، الشعر، الطفولة، المنفى، ط١، ص٩٨، سنة ٢٠٠٠.**